**کاتێک جەنگ لەژێر زەویدا خۆی حەشار دەدات: مینەکان و مەترسیەکان لەسەر منداڵانی عێراق**

**لە ڕۆژی جیهانی هۆشیارکردنەوە لە مین و تەقەمەنیەکاندا، سەرنجەکان سنووردار نین تەنها بۆ سەر ئامارەکان یان ناوچە پیسبووەکان، بەڵکو بانگەشەیەکی نوێیە بۆ ڕەنگدانەوەی کاریگەرییە هەرە مرۆییەکانی ئەم مەترسیانە. چەق و تەقەمەنیەکان ڕەنگە لەژێر زەویدا مابنەوە، بەڵام بەردەوامە لە لەناوبردنی ژیانی سەر زەوی، هەروەها شوێنپەنجەی خۆی لەسەر ژیانی ڕۆژانە، یادەوەریی تاکەکان و داهاتووی منداڵان، خێزانەکان و کۆمەڵگەکاندا جێدەهێڵێت. ئامارە فەرمییەکانی عێراق ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی 2003وە بۆمبی چێنراو و تەقەمەنییە نەتەقیوەکان بوونەتە هۆی زێدەتر لە 30,000 قوربانی لەنێو پیاوان، ژنان و منداڵاندا. بەڵام ئەم پرسە زۆر قوڵترە لە تەنها ئامارێک. لە پشت هەر ژمارەیەکەوە ژیانێک هەیە کە بەتەواوی گۆڕاوە یان لەناکاو کۆتایی پێهاتووە. لە پشت هەر برینداربوونێکەوە چیرۆکێکی دوورودرێژی ئازار، ئاستەنگی ڕۆژانە و هەوڵێکی دژوار هەیە بۆ بەدەستهێنانەوەی تەنانەت بەشێکی بچوکی ژیانی ئاسایی پێشوو.**

چیرۆکی سیروان نەبی بە ڕونی ئەم ڕاستیە نیشان دەدات. سیروان تەمەنی شازدە ساڵ بوو کاتێک وەک هەمیشە چووە دەرەوە بۆ شوانیکردنی مەڕەکان لە نزیک ماڵەکەی لە سیدەکان لە باکوری عێراقدا. لە ناوچەیەکدا کە بە باشی دەیناسی، تێبینی تەنێکی بچوکی زەردی کرد کە لەسەر زەوی کەوتبوو. لەبەر خولیای زانین، لێی نزیک بووەوە و دەستی لێدا، هەر لەو کاتەدا لەناو دەستیدا تەقیەوە. لە ساتێکدا، ژیانی لە ڕۆتینی سادەی ڕۆژانە، کە بریتی بوو لە یارمەتیدانی خێزانەکەی و هەوڵدان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنەکەی، گۆڕا بۆ ڕاستیەکی نوێ کە زاڵ بوو بەسەر ژیانی، کە ئەویش بریتی بوو لە ئازار، چارەسەری پزیشکی و پرۆسە سەختەکەی خۆگونجاندن لەگەڵ لەدەستدانی قوڵی ڕاستیدا.

لە عێراقدا، پیسبوون بە چەك و تەقەمەنیەکان وەک نیگەرانیەکی مرۆیی جددی و بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم بوژانەوەدا دەمێنێتەوە. ئەمە تەنها میراتی جەنگەکانی ڕابردوو نیە؛ بەڵکو دەرئەنجامی ناکۆکیە نوێیەکانیشە، لەوانە مینە دەستکردەکان و مەترسیەکانی تەقەمەنیەکانی دیکە کە لە ناوچە پێشتر زیانلێکەوتووەکاندا بەجێماون. عێراق بە یەکێک لەو وڵاتانە دادەنرێت کە بە زۆر بە چڕیی پیسبووە بە مینەکان و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگ. بەپێی مەزەندەکانی دەسەڵاتی ناوخۆیی لە عێراقدا، ڕووبەرێکی زێدەتر لە شەش بلیۆن مەتر دووجا پیسبوە بە تەقەمەنیەکان، کە ئەمەش زیاترە لە نیوەی ئەو ڕووبەرەی پێشوتر پاککراوەتەوە. سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە، کاریگەری پیسبوون بە چەک و تەقەمەنی بە قوڵی لە ژیانی خەڵکدا ماوەتەوە. هەزاران کەس بەردەوامن لە ژیان و کارکردن لە ناوچە هەرە پیسبووەکانی سەرتاسەری وڵاتدا.

سەبارەت بە سیروان، دەرەنجامەکانی ڕوداوەکە تەنها بە برینداربوونێک کۆتایی نەهات. لەدەستدانی دەستی ڕاستی، کە بۆ نووسین و خوێندن پشتی پێ دەبەست، وای لێکرد گەڕانەوەی بۆ قوتابخانە ببێتە ئاڵنگاریەکی ڕۆژانە. ناچار بوو خۆی فێری نووسین بکات بە دەستی چەپی، بەسەر دواکەوتنە پەروەردەییەکان زاڵ بێت و متمانەبوون بەخۆی هەنگاو بە هەنگاو بنیات بنێتەوە. هەرچەندە پاشان پەلێکی دەستکردی وەرگرت و بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ بەدەوامبوون لە خوێندن، بەڵام ئەزمونەکەی بە ڕونی ئەوە دەردەخات کە مین و پاشماوە تەقەمەنیەکانی جەنگ نەک هەر پەلێکی مرۆڤ لەناو دەبەن، بەڵکو دەتوانن تاکەکان لە خوێندن، بەشێک لە منداڵی و هەستێکی ئاسایی ئارامی و سەلامەتی بێبەش بکەن. هەروەها مینەکان دەبنە ڕێگر بۆ دەرفەتە پەروەردەیی و ئابوریەکان، دەستوێڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی ژیان وەک کێڵگەی کشتوکاڵی و ئاو سنوردار دەکەن، هەروەها کاریگەریی دەرونیی قوڵ لەسەر تاکەکان و خێزانەکان جێدەهێڵن.

**منداڵان زۆرترین مەترسیان لەسەرە**

چیرۆکی سیروان تەنها ڕوداوێکی تاکەکەسی نیە؛ بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکی ئەزمونکراوی زۆر کەسە لە عێراقدا، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشین و سنووریەکاندا. وەک بیرخستنەوەیەکە کە پیسبوون بە چەک و تەقەمەنیەکان تەنها موڵکی ڕابردوو نین، بەڵکو ئێستا و داهاتووش داڕێژ دەکات و کاریگەری دەبێت لەسەر بڕیارەکانی ڕۆژانە: منداڵان لە کوێ یاری بکەن، خێزانەکان لە کوێ ئاژەڵەکانیان لەوەڕ بکەن، کام ڕێگا سەلامەتە بۆ بەکارهێنان و کام زەوی بەردەستە. منداڵان یەکێکن لە هەرە بەرگە نەگرەکان بەرامبەر بەم مەترسیە. بە سروشتی خۆیان، سەرنجیان بۆ تەنە نامۆ و بریقەدارەکان دەچێت، زۆرجار بەبێ ئەوەی هەست بەو هەڕەشەیە بکەن کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ببنەوە، هەروەک چۆن سیروان بەسەری هات. لە ژینگە پیسبووەکاندا، ساتێکی خولیای زانین دەشێت بەس بێت بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی تەواوی ژیانێک.

روداوەکانی پەیوەست بە مین هەموو مانگێک بەردەوام تۆمار دەکرێن، کە زۆربەیان دەبنە هۆی برینداربوون و گیانلەدەستدان. لە سەرەتای ساڵی 2025دا، سێ فێرخواز بە شێوەیەکی دڵتەزێن بەهۆی پاشماوەی تەقەمەنی جەنگەوە لە ناوچەی ئەبو خەسەیب لە بەسرەی باشوری عێراق گیانیان لەدەستدا. لە کانوونی دووەم 2023دا، گەشتێکی پشوو بۆ ناوچەی بێخاڵ بووە کارەساتێک بۆ دارەوان خدر علی کاتێک پێی نایە سەر مینێکی شاراوە، کە بووە هۆی برینداربوونی سەخت و لە کۆتاییدا بووە هۆی برینەوەی قاچی راستی لە خوار ئانیشکەوە. دارەوان، کە خەڵکی شاری رەواندزە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، دەڵێت "لەو رۆژەوە، نەماتوانیوە جارێکی دیکە بچمە شاخەوانی یان برۆم لە سروشتدا بمێنمەوە." هەروەها گوتی، "هیوادارم چاک ببمەوە و ئەو ژیانەی پێشتر هەمبوو بیگەڕێنمەوە. هاوین بۆ من زۆر سەختە، بەڵام هێشتا ماوم و هێشتا هەوڵ دەدەم." روداوەکە تەنها جەستەی دارەوانی نەگۆڕی، بەڵکو ئەوکار و سەربەخۆییەشی لێ سەندەوە کە پێشتر چێژی لێ وەردەگرت.

خودی سروشت هەندێک جار دەتوانێت ئەم قەیرانە خراپتر بکات. لافاو و بارانە بەخوڕەکان رەنگە مینەکان لە شوێنی سەرەتاییانەوە بیانگوازنەوە، بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکاندا و بیانجوڵێنن بەرەو نزیکی کۆمەڵگە مەدەنییەکان. ئەمە ئاستی مەترسیەکە بەرز دەکاتەوە و هەڕەشەکە زێدەتر ئاڵۆز دەکات.

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بارانە بەخوڕەکانی ئەم دواییە هەندێک مینیان لە شوێنە سەرەتاییەکانیان جوڵاندوە، کە مەترسیەکانی بەردەم هاوڵاتیانی مەدەنی زیاد کردوە، بەتایبەتی لە کاتی چوون بۆ ناوچە سروشتیەکان یان لە کاتی کۆکردنەوەی گیای بەهارەدا.

**هۆشیاری ... پێویستیەکی بەردەوام**

لە روبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیە بەردەوامە، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانەی کە بەهۆی پیسبوونی چەک و تەقەمەنیەوە لە عێراقدا دروست بوون، نەک تەنها لەڕێی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەنجامەکانیدا، بەڵکو لەڕێی چالاکی هۆشیاری خۆپارێزی و رزگارکردنی ژیانیش. لەم چوارچێوەیەدا، رێکخراوەکە بەرنامەیەکی پەروەردەیی هۆشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنیەکان جێبەجێ دەکات، ئەو دانیشتوانە دەکاتە ئامانج کە زۆرترین زیانیان بەهۆی پیسبوونی چەک و تەقەمەنیەوە بەرکەوتووە، ئەمەش بە مەبەستی یارمەتیدانیان بۆ باشتر تێگەیشتن لەم مەترسیانە و کەمکردنەوەی بەرکەوتنیان پێیان.

بەرنامەکە تیشک دەخاتە سەر گەیشتن بە کۆمەڵگە زیانلێکەوتوەکان، بەتایبەتی منداڵان، چونکە ئەوان لە گروپە هەرە بەرگەنەگرەکانن. هەر بەم هۆکارەوە، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور چالاکی هۆشیاری لە قوتابخانەکان و کۆمەڵگە ناوخۆییەکاندا ئەنجام دەدات لەو ناوچانەی عێراق کە پێشتر بەهۆی ناکۆکیەکانەوە زیانیان بەرکەوتوە، بە ئامانجی پەرەپێدانی رەفتاری سەلامەتتر، خۆبەدوور گرتن لە تەنە گوماناویەکان و دوورکەوتنەوە لە ناوچە مەترسیدارەکان. رێکخراوەکە هەروەها کەرەستە دابین دەکات بۆ یارمەتیدان لە دیاریکردنی ناوچە مەترسیدارەکان بە روونی، کە یارمەتیدەرە لە ئاگادارکردنەوەی دانیشتووان و هۆشداری پێدانیان کە نزیک نەبنەوە لە شوێنە پیسبووەکان. سەرەڕای ئەوەش، وێستگەکانی رادیۆش بەکاردەهێنرێن بۆ پەخشکردنی پەیامەکانی هۆشیاری و رێنماییەکانی رەفتاری سەلامەت بۆ کۆمەڵگەکان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە رەنگە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی دیکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەست نەبن.

لە رۆژی جیهانی هۆشیارکردنەوە لە مین و تەقەمەنیەکاندا، رەنگە گرنگترین بابەت ئەوە نەبێت کە تەنها یادی ژمارەکان بکەینەوە، بەڵکو بوەستین و رەنگدانەوەی ئەوە ببینین کە ئایا لە راستیدا ئەم پرسە لە روانگەی مرۆڤەوە مانای چی دەگەیەنێت: چۆن تەنێکی بچووک کە لەژێر زەویدا شاردراوەتەوە دەتوانێت داهاتووی منداڵێک بگۆڕێت، ژیانی خێزانێکی تەواو سەر لەنوێ دابڕێژێتەوە و بۆ ساڵانێکی زۆر ببێتە بەربەستێک لەبەردەم چاکبوونەوەدا. سەرەڕای ئەوکێشە تەندروستیە بەردەوامانەی رووبەڕووی دەبێتەوە، دارەوان هێشتا هیوایەکی هەیە. ئەمڕۆ، چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوانی دیکە: "چیاکانمان هێشتا پڕن لە مینی کە لە جەنگەکانی رابردوودا بەجێماون. نەبوونی هێمای ئاگادارکردنەوە ئەو مانایە نادا کە ناوچەکە سەلامەتە. تکایە وریابن!" مەترسییەکانی ژێر زەوی بەردەوامن لە جێهێشتنی کاریگەریان لەسەر ژیانی سەر زەوی.